هەرەم: کارتی ئەلیکترۆنی بۆ دابەشکردنی سووتەمەنی دروست دەکرێت



پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، ناسنامەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ هاووڵاتیان دروست دەکرێت، کە دەتوانن بۆ ناسنامەیە نەوت و غاز وەربگرن، بەبێ ئۆتۆی مافیان بفەوتێت.

ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، لە کۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانیدا کۆمۆتێع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند، ئەم هەنگاوەی پڕۆژەی دروستکردنی کارتی ئەلیکترۆنی بۆ دابەشکردنی سووتەمەنی (نەوت و غاز) هاوشێوەی هەنگاوەکانی دیکەی بە ئەلیکترۆنی کردنی کاروباری دامو دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە کابینەی نێدا و ئێنمایەکانی خودی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

گوتیشی: پڕۆژەکە خزمەتگوزاری گشتییە بۆ هاووڵاتیانی پارێزگای هەولێر، کە مافی هەموو تاکێك بۆ یەکسانی دەپارێزێت و ڕێگر دەبێت لە دروست بوونی هەر کێشەو قەیرانێکی سووتەمەنی لە بەشی هاووڵاتیان، ئەوەش بە سروشتی خۆی گێڕاندنەوەی سیمای شارستانییەتە لێکاتی دابەشکردنی سوتەمەنییەکان، هەموو خەزانێك دەبێتە خاوەنی کارتی تایبەتی خۆی کە مافی پارێزراو دەبێت.

پارێزگاری هەولێر گوتیشی: لە ماوەی چەند رۆژی داهاتوودا دەست بە دروستکردنی ئەو کارتانە دەکرێ و لە قۆناغی یەکەمدا 450 هەزار هاوڵاتی هەولێر سوودمەند دەبن و چاوەڕوان دەکرێ 50 هەزار هاووڵاتی خەڵکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و بەشکیش لەو ئاوارانەی لە هەرێمی کوردستانن سوودمەند بن.

ئاماژەی بۆشکرد، پرسەکە بە جۆرێکە بریکارێکانی دابەشکردن لە رێگای ئامێری کارتکانەوە خزمەتگوزاریەکە دڵگەنن بە هاوڵاتیێکە و هەتا کارتێکی خۆی بکار نەهێنێت، بڕیە سوتەمەنییەکە هەر دەمێنێت و نافوتێ ....